# بە ڤاوەژووو کردنی ووشە بەهاکان و لێکدانەوەیان لە تێڕوانینی دەستەڵاتدا



بارزان شوان

uvnbas@hotmail.com

بە گشتی گەلەک جار پیاوە سیاسیەکان هەڵدەستن بە بەکارهێنانی هەندێک ووشەی بەهادارو بە شیکردنەوەیەکی زبر بۆ دیدەی خوێنەران ، بۆ نموونە وەک واژەی یەکسانی و ماف و ئازادی، بێ ئەوەی ئەوان پێناسەی ئەم ووشانەمان بە شیوەیەکی ڕوونکراوە و ڕاشکاوانە تێبگەیەنن، کێ نایەویت بگات بەو ڕۆژەی کە بتوانیت ماف و ئازادی خۆی وەربگرێت؟ ئەی کەواتە ئەم دوو ووشەیە دەبێتت مانای چی بێت ؟ئەم واتایانە بۆ کێیە وکێ سوودی لێ دەبینێت؟ لێرەدا بە ڕای من دەمەویت بڵیم کە ئازادی گرنگترین ووشەیە بۆ گەیشتن بە ماف لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا ، ئەمە تەنها باوەڕی منە و مەرج نیەکەسێکی کە ئەمە بکات بە ڕێنماندەیەکی کۆمەلایەتی، تەنها باسی ئەو مافە مرۆڤایەتیە ئازادانە دەکەم کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ پێویستە بیزانن. هەرچی باس لە یەکسانیە، دەبینین خۆمان چلۆن مانای خۆی وەندە و بزر دەکات کاتێک کە هەر تاکێک لە کۆمەڵدا بە یەک چاو تەماشای ناکرێت، وە هەروەها هەمان دادو یاسا بە سەر گشت هاولاتیاندا ناچەسپێت.

ئەمە سەرەتایەکە بۆ درووست بوونی کۆمەڵیکی یەکسان و ڕەنگدانەوەیەکە بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ئەم کۆمەڵگایە یەکسانە یاخود نا . پیشبڕکێ کردن بۆ بەرهەم هینانی کارێکی باش وبینراو، مووچە وەرگرتنی فەرمانبەران لە دام ودەزگاکاندا سەرەتای بوونی ئەم بابەتانەن. کارمەند هەیە بە سوودە لە هەمان کاتدا هەیشە بێ کەڵکە و تەنها جێگەی گرتوە، هەندیکیان تەنها دامەزراون بۆ پڕکردنەوەی چەند کورسیەکی بەتاڵ، خۆ جا ناکرێت کارمەندە بە تواناکە، کە بە دڵ و بە گیان کار دەکات و بە وویژدانەوە کاری هاولاتیان بەڕیوە دەبات بە هەمان چاو تەماشا بکرێت و هەمان مووچەی مانگانەی بۆ ببڕدرێتەوە لە گەڵ ئەو کارمەندەی کە تەنها بۆ کوشتنی کاتی بێ کاری یاخود تەنها بۆ ناو نووسین بۆ فەرمانگەکە دێت ، واتە نەبوونی زۆر باشترە وەک لە بوونی. جا هەتاوەکو بەرهەمەکەی نەبێت بە یەکسانی پیشە و هەمان  توانای گونجاو بۆ هەموان نەڕەخسێت، ئەو کاتە  بەرئەنجامەکەی  گونجاو نابێت لەگەڵ توانای بۆچونەکانی بەرەو پێشەوە، بۆ نموونە لە کاتی پیشبڕکێدا کاتێک کە  تەقەی دەستپێکردنی بازیەکە دەتەقینرێت، هەموو بەشداربوانی یاریگەکە لە ڕاکردنەکەدا یەک ڕێگەیان هەیە بیگرنە بەر بۆ بردنەوە، بەلام تەنها ئەو کەسە کە دەیباتەوە خەلات دەکرێت، کەواتە هەمان یاسا لە سەر گشتیان پەیڕەو دەکرێت.. ئەو یاسایانە وەک بلێی کەس بۆی نەبێت ببێت بە دیوارێک  یان ئاستەنگێک بۆ بەشداربوەکانی تر کە لە گەڵیدا لە هەمان ڕۆژ و هەمان خولەکدا ڕێدەکەن . ئەگەر بێت و  یەکێک لەو بەشداربوانە بزماریک یاخود تەڵەیەک بۆ ئەوانی تر بنێتەوە بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی کە  کارێکی نا یاسایی ڕوودات و یاریگەکە بە تەواوەتی بشڵەژێت ، بەلام ئەگەر هەر هەموویان بەیکەوە دەستیان کرد بە پیشبڕکێکەو کەس پێشیلی بنەماو یاساکانی نەکرد کە بۆ ئەو پێشبڕکێیە دانراوە ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە پیشبڕکێیەکی یاساییانە ئەنجام دراوە. ئەوەی یەکەم جار دەگاتە سەر خەتی بردنەوە ئەوا ئەو

یاریکەرە تەنها هەر بە خۆی براوەیە ، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەو کاتە ئەوانەی کە خێرا ڕادەکەن، دەبێت یان درەنگتر ڕابکەن یا خود بە هێواشی غاردەن بۆ ئەوەی هەموویان لە یەک ساتدا بگەنە مەرام.

بە هەمان شێوە دەبێت بنەما بۆ کۆمەڵگا دابنرێت ، ئەوەی کە لێهاتوە و زوو خۆی پێش دەخات و بە پەلە بەرهەمی زیاتربە دی دێنێت ،ئەوا لەو کاتە دەبێت ئەو کەسە خەڵاتی زیاتری پێ بدرێت و ئەگەری پێشڤەچوونیی ژیانی باشتر بێت و چاکتر بکرێت. هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە ئەم کارە وەک بڵێیت ئەو کەسەی کە بەدەنی باشە، چاکترین مەرام و باشترین هۆکاری ژیانی بۆ هەڵدەبژێردرێت، بەڵام ئەوە وا نیە بەڵکوو ئەو پێشبڕکێ یە هەر لە سەرەتاوە بۆ هەموان یەک یاسای هەبوە، هەر مرۆڤیک کە لە ژیاندایە ، نایەوێت یان هەر خۆی ناتوانیت ببێت بە بەڕیوەبەرولیپرسراو، یاخود بە کەسێکی سیاسی ببێت. ماف بۆ هەموانە ئەوەی بڵێین کە لێپرسراوە نابێت نرخی یەکسانبوونی لەگەڵ یەکێکی ئاسایدا جودا بکرێتەوە و دەستەڵاتداران ڕێگەو ئاسانکاری لە کارەکانیدا بۆ تەرخان بکەن. جێگەیخۆشحاڵیە کە هەر مرۆڤیک بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر یەک لەوان هەمان ئامانج و بۆچوونی یەکێکی تری نیە ، لە بەر ئەوە دەبێت دان بەوەدا بهێنین کە هەندێک مرۆڤ مووچەی باشتری دەبێت هەبێت و ژیانێکی باشتری بۆ گونجابێت هۆیەکەشی تەنها دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی خۆی و بەس، کاری نیە بە یەکێکی تر کە بێ توانایەو کارمەند و لێهاتوو نیە. ئەم یاسایە بە سەر هاوڵاتیاندا کاتێک دەبێت بسەپێندرێتت، ئەگەر هاتوو کۆمەڵگاکە هەر لە بنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی یەکسان بوو، وە گشت تاکەکانی کۆمەڵ هەمان دەرفەتیان بۆ ڕوخسا بێت .

## بوونی دەرفەت.......

کێشمەکە لە وەدایە کە هەر کەسە لە کوردوستانی ئەوڕۆدا هەمان شێوازی بۆ پیشەوەچوونی بۆ هەڵنەکەوتوە، هەیە دەرفەتی نەبوە کە تەنانەت بتوانێت بڕوات بۆ قوتابخانەو خوێندنگا، هەشە دەرفەتی بۆ هەڵکەوتوە بەڵام خۆی بێ توانا بووە، جگە لەمانەش هەیە کە ژینێکی بەختەوەری بۆ گونجاوە تەنانەت لە بەر ئەوەی کە لە خێزانێکی سیاسی بووە و ئێستاش ئەو حیزبەی کە خۆی یاخود کەسێکی نزیکی دەست بە کارە لە دامو دەزگاکانی حکوومەتی سەر بەو حیزبەدا هاتوە بە هانایەوە، کەواتە ئەم یاسایە بەرقەرار نیە لە کاتی ئێستای کوردوستاندا، لە بەر ئەوەی تا وەکوو ئێستاش دام و دەزگاکانی حکوومەت لە ژێر بەڕێوەبردنی چەند حیزبێکی سیاسی بووە، جگە لەوانەش هەمان مافی بۆ پیشەوەچوونی تاکەکانی گەل وەک یەک نەبوە. ئەویش بە هۆی بوونی دوو ئیدارەی جیاواز لە هەرێمی کوردوستاندا، بە هیوای ئەوەین کە ئەم هەلە مەزنە، کە بریتیە لە دابین کردنی یەکسانی بۆ هەموو خەڵکانی کوردوستان، دوای یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکە لە هەرێمی کوردوستاندا بێتە بەرمەیدانەوە ، هەر لە بەر ئەوەش بوە کە خەڵکی هەیە گەلەک دەوڵەمەندەو خاوەنی گەلێک موڵک و سەرمایەیە هەشە جێگای نووستنی بە هەزار حاڵ چنگ دەکەوێت، خەڵکانی ئاسایی نێو کۆمەڵگای کوردەواری ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخساوە وەک هەندێک لە سیاسیەکان کە مووچەو دەرفەتی بەدەستهێنانی موڵکیان بۆ هەڵکەوتوە.

## بنەماکانی دۆزینەوەی کار بۆ هاوڵاتیان.....

کار دۆزینەوە بۆ هاوڵاتیان دەبێت پلانێکی باشی بۆ هەڵبچنرێت، بێگومان کاتێک کە کار نەبوو بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵ، بێکاری درووست دەبێت، بەم شیوەیە مرۆڤ هێزی کۆشش وهەوڵدانی بۆ پاشەڕۆژێکی ئاسوودەتر کەم دەبێتەوە، وە هەروەها کۆمەڵ بەرەوە هەژاری و نادەرامەتی دەڕوات. شیکردنەوەو چاک بوونی ئەم نا یەکسانیە بە کەم بوونەوەی کەسانی سیاسی و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی کار بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵ، نەوەکە سیاسیەکان تەنها کار بۆخۆیان بدۆزنەوەو ئاوڕیش لە میللەت نەدەنەوە . لێهاتوویی کارو خویندەواران و پسپۆران لە دەزگا حکوومیەکاندا دەبێت زیاتر دەستیان بگیرێت و ئالیکاریان بکرێت ، ئەویش هەر بۆ ئەوەی کە کارەکانیان زیاتر بەرهەمهێنەر بن ، نابێت جیاوازی نێرینەوە مێینە بکرێت، بەڵکو ژنی کارمەند و لیهاتو زۆر لە پیاوێکی لینەهاتوو و بێ باوەڕو تەمبەڵ و گەندەڵ باشترە.
جیاکردنەوەی نیرو مێ کاریگەرە لە سەر پیشڤەچووونی وڵات، چونکە بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەوا بە ئاشکرا دیارە کە ژن نیوەی کۆمەڵە. جا بۆ چاککردنی ئەم سیستێمە نا ڕەوایە پێویستە یاسا بنەڕەتیەکان لە ناوەندی

دەستەڵاتەوە بگۆڕدریت. هەموو مرۆڤیک سەرتاسەر وەک یەک مافیان دەبێت هەبێت، دەتوانین بڵیین کە ژنو پیاو شان بەشانی یەکدی بەرو پیشەوە دەچن. ئەگەر بۆ ئەم کارە بەرنامە دانەڕێژین ئەو دەمە مرۆڤایەتی و هەڵوێستەکانی یەکسانی خۆی لە لاوازی دەبینێت .

## جیاوازی نێوان نێرومێ....

بوونی نیرومێ کارێکی سرووشتی و خۆڕسکیە، یان هەستێکی سرووشتیە، ئەگەر بێتو وابێت کەواتە ئەم دوو گیان لەبەرە و بوونیان دەبێت وەک یەک تەماشا بکرێت و یەک نرخیان پێ بدرێت، ئەگەر ئەمانە وەک زیندەوەرێکی نا ئاسایی تێی بنواڕیت ئەو کاتە تێ ڕوانینەکەت دەبێتە هۆی لە ناو چوونی بناغەی مرۆڤایەتی، با بڵێین و گریکەین کەوا بۆ پیاو هەبێت ببێت بە کەسێکی سیاسی، بەڵام بۆ ژن ئەو کارە نەبێت و قەدەغە بێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی بە ناو کۆمەڵگای پیاوان و مافی هەموو ژنان پیشیل دەکرێن.ئەو هەوڵەی کە بۆ پیاوان هەیە بیدەن بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرتر لە داهاتوودا کە گەلێک چاتر بێت لە ژیانی ئەوڕۆی، دەبێت هەمان ماف و هەوڵ و تەقەڵا بۆ ژانانیش سەقامگیر بکرێت.

ئەگەر باوەڕیمان بەو مافە نەبێت، کەواتە بۆ جیاوازی نیوان سەر ڕەش و سەر سپی ناکەین؟ یان جیاوازی نیوان ئەوانەی بە دەستی ڕاست دەنووسن و ئەوانەی بە دەستی چەپ دەنووسن، ئایا ئەوانەی بە دەستە ڕاست دەنووسن مووچەی زیاتریان پێ ببەخشریت لەوانەی کە بە دەستە چەپ دەنووسن؟ ئێمە دەتوانین ئەم کارە بە کارێکی هەمئاهەنگی بژمێرین ، ئایا ئەوانەی کە بەدەستە چەپ دەنووسن بۆیان نیە هەمان مووچەیان هەبێت یان ئەوانەی کە پێستیان ڕەشە مافی ئەوەیان نیە کە هەمان مووچە وەربگرن؟ گەر بێت و پێست ڕەشەکە بەو شێوەیە بەراورد بکەیت لە گەڵ پیست سپیەکدا، زۆر نموونەی دی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئیمە بۆچوونەکانمان تا چ ڕادەیەک بە بۆچوونێکی ڕەوا و ماف پارێز دەژمێردرێت.

ئەگەر مرۆڤیک بایەخی زیاتری پی بدرێت لە یەکێکی کە، یان کەسێک وەک لای خۆمان باوە با بڵێین لێپرسراوێک لە بەر هۆی بنەچەیی، دەبێت ئەم ڕەوتە بنەچەییە ببێتە هۆی ئەوەی ئاسوودەتر بژێت؟ وەک لە یەکێکی تر کە کەس پشتیوانی نەبێت و لە بنەماڵەیەکی هەژارەوە هەڵقولابێت؟ مەگەر تەنها خودا بێت. ئەگەر گرووپیک بە ئەریتی تێی ڕوانیت و گرووپێکی تر بە نەرێتی ئەوا دەبیتە هۆی چەسپاندنی کۆمەڵگایەک و حوکمێکی تاکە کەسی و دیکتاتۆری.

جیاوازی کردن و بە نزم تەماشا کردنی تاکەکانی خەڵکی، دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەیەکی نەرێتی لە سەر خودی ئەوتاکە مرۆڤە، کە کاریگەر دەبێت لە دوواڕۆژی ئەو تاکە کەسەی سووکایەتی پێکراوە ، لە بەر ئەوەی کە ئەو تاکە بە ڕاشکاوی دەبینێت چلۆن مافەکانی پیشیل دەکرێن، نواندنی ئەم جۆرە سووکایەتی و کەم نرخیە بەرامبەر بەوانەی کە مافەکانیان پشت گوێ خراوە، دەتوانرێت ساز و شی بکرێتەوە بە مەرجێک کە ئەم تاکە بۆی هەبێت لە دادگایەکی دەستوور پارێزی حکوومیدا بابەتەکەی بۆ شیکرێتەوەو مافی خۆی پێ بدرێتەوە، بەڵام ئەگەر دادگاکەش سەر بە دەستەڵات بوو ئەوا ئەو تاکە بۆ خۆی هەر دەبێت بەو گرفتەوە سەربنێتەوە. کاردۆزینەوەی بە جێ بۆ بێکارەکان یاخود بە هاوبەشی بۆ هاوڵاتیان و بیرکردنەوە لێی دەبێتە هۆی درووست بوونی دەستەڵاتێکی زۆرتر بۆ سیاسەتمەدارەکان، چونکە بوون و نەبوونی فەرمانبەرێکی بێ سوود لە دامو دەزگا حکوومیەکاندا دەبێت چجۆرە کاردانەوەیەکی هەبێت بۆ پێشەوەچوونی کارەکانی نێو کۆمەڵگادا؟ تەنها لە خشتەبردنی چەند کەسانێکی نادەرامەت نەبێت، مەبەست لێرەدا ئەو مرۆڤانەیە کە لە دام و دەزگا دەوڵەتیەکانی حکوومەتی ئەوڕۆدا تەنها پڕکردنەوەی چەند بۆشاییەکی سیاسیە و بەس، بگرە زیانی زۆرترە وەک لە سوودەکانی، وەک ئەوەی کە بوە بە هۆی کەم بوونەوەی زۆربەی زۆری جووتیاران و کرێکاران ، وە کەلوپەلیش لە بازاڕەکاندا بەو شیوەیە هەر ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات، بەڵگەش بۆ ئەمکاردانەوەیە ڕووداوەکانی ئەوڕۆیە کە لە کوردوستااندا ڕەچاو دەکریت.

زۆربەی ئەو یاسایانەی کە لە دەستەڵاتدارانەوە دێتە کایەوەو دەبێت بە دەستوورلە ئایندەدا، تەنها بۆپشتبەستن و بوونی دەستەڵاتێکی زیاترە، دوای ئەوەی کە ئەم یاسایانە لە سەر خۆ بەرقەرار دەدرێن و دەچەسپێن، دەبنە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی ئابووری و سیاسی گەورە کەخەڵکانی ئاسایی هەستی پێناکەن، تا ئەو ڕۆژەی ئیدی کاتی ساز کردنەوەی ئەو هەڵەیە و ئەو بڕیارە شاشە دڕەنگ دەبێت، ئەم سیاسەتمەدارانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە هەر مرۆڤێک داهێنان و بەرهەمی تایبەتی بە نرخی بۆ خۆ هەیە.

به كاربردنیئەم جۆرە سیاسەتە شاسە بگرە دەبێتە هۆی  ئەوەی كە خەڵكانی كەمدەرامەت هەژارتر دەبن و لە كۆمەڵگاشدا بزر دەبن، جگە لەوەی كە ڕەنگدانەوەكەشی كاریگەر دەبێت لە سەر ئارامی گرتنێكی گشتی بۆ هاوڵاتیان.

## جیوازی نێوان چین و گروپەكان........

گروپە كەم دەرامەت و داهاتەكان  بە بەر دەوامی باری ئابووریان بەرەو خوارەوە لێژ دەبێتەوە و دەبێتە هۆكارێكی سەرەكی لە سەر درووستبوونی كۆمەڵگایەكی سیستێم ڕووخاوی  بێ دڵنیایی نا ئارام. ئەم جۆرە سیستێمە جەنگەڵێكی بیروكراتیە كە تەنها بۆ گیرفان پڕكردنی چەند سیاسیەک و فەرمانبەرێكی بێكەڵكە وگەندەڵەكان باشترو زیاتر دەیانبووژێنێتەوە.
ئەو ڕەخنانەی كە لە سیستێمە سۆسیالیستەكان دەگیران تەنها بۆ پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی دیموكراتی بوون. ئەم جۆرە شێوازە بە حوكم ناوەندیە تەنها كار دەكاتە سەر چینە هەژارەكانی كۆمەڵ و بەرەو دواوەوەیان دەبات، لە جیاتی ئەوەی پشتگیری كەمدەرامەتەكان بكات، كەچی بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە زیاتركارمەندە بچوكەكان بخنكینێت، هەرچەند سیاسەت بەكار بهێنرێت بۆ بەرژەوەندی سیاسەتمەداران هێندە زیاتر دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی نا سەربەخۆیی. هەرچەند حوكم تاكە كەسی و تاكە خێزانی و بنەماڵەیی  و پادشایی بێت دەها جار  ئازادی و بیروڕا دەربڕین و كەم دەرامەتی خەڵكان زیاتر دەبێت. ئەم جۆرە سیاسەتە بێگومان بۆ كەسانێكی كەمی سەر بە حیزبەكان كڵۆكە، بەڵام زۆرینە چینو توێژی خەڵكانی ئاسا دەتوێنێتەوە، خۆ ئەگەر حوكمەتێک  گەرەنتی بە یەكسانی دابەشكردنی كارەكانی نێو دەوڵەت بدات كە بە گۆڕانكاریەكی بنەچەیی دەژمێردرێت، ئەو كاتە خەڵكان  دڵنیادەبن ومتمانەیان جارێكی تر بە حكومەتەكەیان زیندوو دەبێتەوە، ئەو وولاتە ڕوو لە جیهانێكی كراوەتر دەكاتەوەو سەقامگیری و یەكسانی ئابووری وئاوەدانی بۆ هەرهەموان درووست دەبێتەوە.

## بەرپرس......

خەڵكان زیاتر پیویستیان بە بەرپرسی لێهاتووی نێو خەڵكانی سادەی خۆیی هەیە. ئەویش كاتێک ڕوودەدات كە میری بە خۆی هەستێت بە هەڵبژاردنێكی ئازاد و ڕێنمایی هاوڵاتیان بكات كە بە خۆیان بڕیاری پاشەڕۆژی خۆیان بدەن، وە هەروەها حوكمەت دەبێت بازاڕێكی ئاواڵە بكاتەوە، كە هەر دووكانێک بتوانێت بەربەرەكانی بازاڕەكی  تر بكات ، بۆ نموونە بتوانێت بە هەرزانتر كەلوپەل لە بازاڕەكانیدا بفرۆشێت .
گەلەک جار دەبیستین كە حوكمەت باس لە  هاوكاری و هاودەنگی دەكات بۆ چەند بەرژەوەندیەكی خۆی بەڵام خودی هاوكاری ئەوەیە كە هەر كەس بە ئازادانە بتوانێت بیروڕا دەربڕێت. بۆی هەبێت كە باشترین قوتابخانە بۆ منداڵەكانی هەڵبژێرێت. توانای ئەوەی هەبێت كە كەموكورتیەكانی ماڵەوەی پڕبكاتەوە،بۆی بلوێت لە كام حیزب كار بكات بلا با بیكات، حوكمەت نابێت ڕێگری بۆچونەكانی تاک و گرووپە جیاوازەكانی گەل بێت، شێوەی هاوكاری حوكمەت دەبێت گرێدراو بێت بە پەیوەندی نیوان خەڵكانی میللەتەوە وەک خێزان و ناسیارو خزم، هاودەنگیەكی ئازاد جێێ دڵنیابوون نیە، ئەگەر هەموو هاوڵاتیان لە سەر یەک بناغە نەوەستابن، ئەم بنكەیە دەبێت بە توانای هاوڵاتیان بڕیارێكی ئازاد بگرێت  ئەوان ئەو كاتە دەتوانن كە  بڕیاری سەرەڕۆیی بدەن كە زۆر جار دەبێتە هۆی سەركەوتن لە ژینادا، بێگومان حوكمەت دەبێت هاوكاری خەڵكی بێت كە هەوڵی كارێكی سەرەڕۆیی دەكەن، ئەویش بە هاندانیانە بە وەی كە هەندێک پارەیان بۆ تەرخان بكات بۆ ئەوەی سەركەوتوو بن لە پڕۆژەكانیاندا.
نابێت ژیانی خەڵكی بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی كارەكانی حوكمەت ببەسترێتەوە، خۆ ئەمە كار دەكاتە سەر مامەڵە كردنی ژیانی خەڵكیش لە كارو باری ڕۆژانەیاندا، ئەو كەسانەی كە كاری سەربەخۆ دەكەن، واتە سەرمایەدارن و كارگەو فابریكی خۆیان هەیە، بێگومان دەبێت چاودێرێكی حكوومی هەبێت كە بتوانێت ساڵانە چەند باجێكی لێ بستێنێت بە مەرجێک هێندە بێت كە كار نەكاتە سەر بەڕێوە چوونی كارخانەكەی، وە هەروەها فەمانبەرانیش دەبێت چەند باجێكی ساڵانە بدەن بە حوكمەت بۆ ئەوەی حوكمەتیش بتوانێت كاروبارە ئاوەدانیەكانی بە گشتی بەڕێوە بەرێت.
كەواتە یەكسانی دەبێت لە چوارچێوەیەكی وادا خۆی بگرێتەوە كە ماف و ڕەوایەكی گونجاو بۆ هەموو هاوڵاتیان بەبێ جوداكردنەوە بێت، بەیەک چاو ڕەفتاریان لە گەڵدا بكرێن بۆ ئەوەی خەڵكی بتوانێت ژیانێكی بەختەوەرانە بۆ خۆی

**پێکەوە بنێت، ئەم یەکسانیە دەبێت بە مەرجێک بێت کە هەر کەس ئازادانە هەستێت بە بنیاتنانی ژینێکی تایبەت بە خۆیەوە، جاگرنگی لێرەدا ئەوەیە کە ئەوحوکمەتە هاندەری بیروڕای درووست بێت و کارەکانیشی ببێتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵێکی هاوسەنگ و یەکسان. حوکومەتێکی بێلایەنیش ئەوەیە گەرەنتی چەسپاندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان بدات و نەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆچوون وئازادی خەڵکان بخنکنکێنێت.**